HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network
هێلین

کوشتنی ئافرەت بە پاساوی شەرەف، هۆکار و چارەسەر

د.ڤیان سلێمان

لە ڕێکەوتی شانزەی نیسان و لە کاردانەوەی تاوانی کوشتنی ئافرەتێکی گەنج کە دایکی سێ منداڵە، بەڕێز مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکدا نیگەرانی خۆی لە ئاست ئەو تاوانە دەربڕی و ڕایگەیاند" هیچ شەرەفێک لە کوشتنی ژندا نییە". پەیامێکی ڕوون و ڕاشکاو بە ئاراستەی گۆڕانی بنەڕەتی لە چەمکی شەرەف لەو وێنا نەریتی و خێڵەکی و پیاوسالارییەوە بەرەو ڕوانینێکی مرۆڤایەتی ناجێندەری وەک یەک بۆ هەردوو توخمی مرۆڤ. پەیامێک وەک سەربارێک بۆ پشتیوانییە بەردەوامەکانی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان لە پرسی ئافرەت و ڕەتکردنەوەی ئەو کولتورە نامۆ و دژە مرۆڤانە کە بە پاساوی شەرەف ڕەوایەتی بە کوشتنی ئافرەت دەدا. کوشتن بە پاساوی شەرەف دیاردەیەک نییە تایبەت بێت بە کۆمەڵگە و نەریتێکی دیاریکراو، بەڵکو لە چەندین کۆمەڵگەی جیاجیادا ئەم تاوانە ئەنجام دەدرێت. بەشێوەیەکی گشتی کوشتن بە پاساوی گەڕانەوەی شەرەف، برتییە لە: "کوشتنی ئافرەت لەلایەن باوک یان برا لەسەر ئەنجامدانی یان گومان لە ئەنجامدانی کاری سێکسی پێش شووکردن یان لە دەرەوەی خانەی هاوسەرگیریدا".

پاڵنەر و هۆکارەکانی کوشتنی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردستانی کولتوری و کۆمەڵایەتیە، کوشتنی ئافرەت لەلایەن پیاوانی هەرە نزیکی خێزان و بنەماڵە تاوانێکە لەوپەڕی دڕندەیی و قێزەونیدا، لەم جۆرە تاوانەدا، تاوانبار و تاوانلێکراو کەسانی هەرەنزیکی یەکدین لەڕووی پەیوەندی خێزانی و بایەلۆجی، ئەوەی تاوانەکە ئەنجام دەدات؛ باوک، هاوژین، برا و ئەوەش کە کۆتایی بە ژیانی ئەهێنرێ، هاوژین، خوشک و تەنانەت دایکیشە. ئەم تاوانە جیا لەوەیێ هاودژە لەگەڵ بەها مرۆڤایەتی و پەیامە ئاسمانییەکان. کاریگەری یەکجار نەرێنێش بەجێئەهێڵێ چی لەسەر ناوبانگی کۆمەڵگە و ئەو کولتورەی ڕەوایەتی بەو تاوانە دەدات، هەروەها لەسەر دەرون و کەسایەتی کەسانی پەیوەندار بە تایبەت منداڵ و ئافرەتانی ئەو خێزانە و بۆ دوورمەوداش کاریگەرییەکە دەمێنێت.

کوشتنی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پەیوەندی بە ڕوانینی کۆمەڵگە بە تایبەت ڕوانینی پیاو بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئافرەت هەیە، ئەوەش لە ڕوانگەی ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی بەپێی ڕێسا و نەریتەکانی خێڵ و لەژێر پێناسەی ئەخلاق بۆ ئافرەت بە پەسەند دەزانرێن. ئەخلاق لەسەر بنەمای داب و نەریتەکان پێناس دەکرێ کە عەقڵی پیاوسالاری خێڵەکی داهێنەریەتی و سنورێک کە لە نێویدا ڕەفتاری قەدەخەکراو هەیە بۆ هەڵسوکەوتی ئافرەت دادەنێت، هەر لادان و دەرچوونێک لێیان سزای بەدوادادێت کە هەندێک جار دەگاتە لێسەندنەوەی ژیان. بەدەرچوونی ئافرەت لەو پێوەرانە شەرەفی پیاو و بنەماڵە و خێڵ دەڕوشێت یان دەڕوات و بە کوشتنی ئافرەتەکە شەرەف دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو پێودانگە پیاو ناگرێتەوە و بە دەگمەن نەبێت پیاو سزای کۆمەڵایەتی لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی وەرناگرێت، ئەمەش هەژمونی باڵای پیاو دەردەخات لە هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکان. هاوکات جیاکارییەکی زەقی جێندەرییە لە ڕوانین و چاوەڕوانی لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی هەردوو ڕەگەز.

پەیوەست بە پاشخان و هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانە تیشک دەخەمە سەر چەمکی ئافرەتبوون لە ڕوانگەی هزری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستانی و بەستراوەیی بە چەمکی شەرەف و ڕوانین بۆ شەرەف و پەیوەستبوونی بە ئافرەت و هەڵسوکەوتی ئافرەت. دیارە کە لە کۆمەڵگەیەکی

> نەوال سەعداوی دەڵێ:"شەرەفی مرۆڤ، پیاو بێت یان ئافرەت، لە ڕاستییدایە، ڕاستی لە بیرکردنەوە و هەستکردن و کردەوە، مرۆڤی بە شەرەف ژیانێکی دوالیزم ناژی، یەکیان بە ئاشکرا و ئەوەی تر نهێنی". هەروەها شەرەف "ئاکار یان تایبەتمەندییەکە کە ئاستی مرۆڤی لەڕووی کردار و هەڵسوکەت لە کۆمەلگەدا پێ هەڵدەسەنگێنرێت"

لە شێوەی کۆمەڵگەی ئێمە سەرەڕای پێشکەوتنی بەرچاو، بەڵام تا ئێستاش لە ڕوانگەی نەریتەکانی خێڵەوە لە ئافرەت دەڕوانرێ و لەو ڕوانگەشەوە لێکدانەوە بۆ چەمکی شەرەف دەکرێ.

نزمڕوانین لە ئافرەت و نایەکسانی لە پێگە و پلەی مرۆڤایەتیدا لەگەڵ پیاو دیاردەیەکی جیهانییە و ڕەگی قوڵی مێژوویی هەیە. ئافرەت بەدرێژایی مێژووی دوای قۆناخی کۆمەڵگەی دایکسالار لەگەڵ هاتنی موڵکایەتی تایبەت و پیاوسالاری، لە پێگەی هاومرۆڤی لەچاو پیاودا هێنرایە خوارەوە و لە چواردیواری ماڵ بەندکرا و وەک کاڵا و سامانی پیاو وێنا دەکرا، جیاوازی ڕەگەزی و باری فیزیکی کرا بە بنەمایەک بۆ پلەدوویی ئافرەت و وا وێنا دەکرا کە بە سروشت ئافرەت لە ڕیزی پیاو دانانرێ، بەوپێیەش پیاو بوو بە باڵادەست و سەنتەر و ئافرەتیش پاشکۆ و سامانی پیاو. ئایین، بیر و ڕوانگەی فەلسەفەی کلاسیک و شارستانیەتەکان پشتیوانی ئەو ڕوانگەیان کردووە و بەو شێوەیەش هەستی ڕەگەزی باڵادەست و مرۆڤی ڕەسەن و مەزنکردنی زایەندی لە هزری پیاودا چەسپێنراوە، ئەمەش وایکرد پیاو ئافرەت وەک سامانی خۆی ببینێ و کۆمەڵگەش لە چوارچێوەی پێوەرە کۆمەڵایەتی و داب و نەریتەکان ئافرەت دیل و دەستەمۆی هزری پیاوسالاری بکا.

ئافرەت لە چاوەڕوانی هزری پیاوسالاری لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوونێکی فیزیکیی و سۆزدارییە و جەستەشی جیا لەوەی بە پێوەری جوانی و ناجوانی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ هەڵگری شەرەف و ئابڕووی پیاو و بنەماڵە و خێڵیشە. ژنبوون بەستراوە بە دۆخێکی بایەلۆجی و لایەنی فیزیکی، ژنبوون لە کۆمەڵگەی ئیمەدا بە مێ، یەک دەوترێ کە دەچێتە پرۆسەی هاوسەرگیری و بەردەوامە لەو پرۆسەیەدا، لەگەڵ هەر گۆڕانێکیش لەو پەیوەندییەی لەگەڵ پیاودا ناسناوەکە دەگۆڕێت، پێش پرۆسەی هاوسەرگیری کچە و کە هاوسەرگیری دەکات دەبێتە ژن و کە جیا دەبێتەوە بێوەژن، ئەمەش بە پێچەوانەی پیاو کە لەهەر بارێکی کۆمەڵایەتیدا بێ هەر گونجاوە پێیبوترێ پیاو. هاوکات گۆڕانی ناسنامەی ئافرەتە بەوەی پیاو لە ژیانیدا هەیە یاخود نا و لەوەشدا تەنها جەستە و غەریزە پێوەرە.

نەوال سەعداوی دەڵێ:"شەرەفی مرۆڤ، پیاو بێت یان ئافرەت، لە ڕاستییدایە، ڕاستی لە بیرکردنەوە و هەستکردن و کردەوە، مرۆڤی بە شەرەف ژیانێکی دوالیزم ناژی، یەکیان بە ئاشکرا و ئەوەی تر نهێنی". هەروەها شەرەف "ئاکار یان تایبەتمەندییەکە کە ئاستی مرۆڤی لەڕووی کردار و هەڵسوکەت لە کۆمەلگەدا پێ هەڵدەسەنگێنرێت". بە شێوەیەکی گشتی شەرەف کۆمەڵێک بەهای مرۆیی و مۆڕاڵییە وەک ڕاستگۆیی، دەسپاکی، چاکەخوازی و تایبەتمەندی دیکە کە لە کەسێکدا کۆدەبێتەوە و وەک کەسێکی ڕێزدار و چاکەخواز دەریدەخا، ئەمە لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوە، بەڵام لە ڕوانگەی خێڵ و ڕێسا و نەریتەکانی خێڵ شەرەف بەستراوەتەوە بە جەستە و هەڵسوکەوتی ئافرەت و ئەوەش کە پارێزگاری لەو شەرەفە دەکا و بەرپرسە لێی پیاوە نەک خودی ئافرەت. بەوشێوەیە، شەرەف لە مانا مرۆڤایەتی و مۆڕاڵییەکە داماڵراوە و بەستراوە بە جەستەی ئافرەتەوە، بینینی ئافرەت تەنها وەک جەستە داماڵینی ئافرەتە لە پێودانگە ڕۆحی و مرۆڤایەتییەکان.

هەرێمی کوردستان چەندین ساڵ لەمەوپێش یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١ی ساڵی ١٩٦٩) کە بیانووی یاسایی بە پیاو دەدا بۆ سزادان و کوشتنی ئافرەتە نزیکەکانی، بە یاسای ژمارە (١٤ی ساڵی ٢٠٠٢) گۆڕی بەم شێوەیە: " سزای تاوان بە پاڵنەری شەرەف لەڕووی یاساییەوە کەم ناکرێتەوە و ماددەکانی ١٢٨و ١٣٠و ١٣١ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە١١١ ی ساڵی ١٩٦٩ لەمەودوا کاریان پێ ناکرێت" بەو شێوەیەش هیچ بیانوویەکی یاسایی نەهێشتەوە کەسزای تاوانکاری پێ سوک بکرێت، بەدڵنیاییەوە ئەوەش هەنگاوێکی دروست و پێویست بوو بە ئاڕاستەی دادپەروەری و یەکسانی جێندەری.

سەرەڕای ئەمەش هەرێمی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتی وەک پشتیوانییەک بۆ ئافرەت و ڕەتکردنەوەی یاسایی بۆ هەر توندوتیژییەک بەرامبەری دەرکرد، بەڵام سەرەڕای ئەم هەنگاوە یاساییانە تاوانەکانی کوشتنی ئافرەت بە پاساوی گەڕانەوەی شەرەف و توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت بەردەوامی هەیە، بەشێوەیەک کە بەپێی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت وەک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاوکرایەوە (٤٩٠) ئافرەت لە ماوەی نێوان (٢٠١٠-٢٠٢٠) کوژراون. ئەمەش دەمانگەیەنێت بەو بڕوایەی کە چاکسازی یاسایی تەنها ڕێگە نییە بۆ بنبڕکردنی ئەم تاوانە و کۆمەڵگەش ئامادەیی تەواوی نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم تاوانە پاشخانی بونیادی و کولتوری، ئاینی و پەروەردەیی هەیە و لەوە قوڵتر و ڕەگداکوتاوترە کە تەنها بە یاسا چارەسەربکرێت.

سزای یاسایی قورس بێ هیچ چاوپۆشییەک بۆ بکوژانی ئافرەت بە پاساوی گەڕانەوەی ئابڕوو و شەرەف فاکتەری یەکەم و سەرەکی بنبڕکردنی ئەم تاوانەیە، تەنانەت لەڕووی دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە ئەوەی هەندێک جار دەگوترێ تاوانباریش قوربانییە و لەژێر فشاری نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ئەو تاوانەی ئەنجامداوە، موبەریر نییە و پێویستە تاوانبار سەرباری سزای یاسایی، لەلایەن کۆمەڵگەوە سزای کۆمەڵایەتی بدرێت. پێداچوونەوە بە ڕێکارە یاساییەکان بکرێت، ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی زەمینەی ئەنجامدانی تاوانەکان لەشێوەی پڕکردنەوەی بەڵێننامە و ڕادەستکردنەوەی قوربانییەکانی توندوتیژی بە کەسوکار، پشتیوانی زیاتری شێڵتەرەکان، قەدەخەکردنی چەکهەڵگرتن. لەهەمانکات چەندین ڕێگەی دیکە بگیرێتەبەر بۆ ڕێگەگرتن لەو تاوانە لەڕێگەی پەروەردەیی و کولتوری و ڕۆشنبیری، کارکردن بۆ گۆڕانکاری لە تێڕوانین بۆ چەمکەکانی پیاوێتی و ژنێتی، شەرەف، ئەخلاق. لەڕێگەی ڕاگەیاندن و ناوەندە ئاینی و کولتوری و ڕۆشنبیرییەکان، لەڕێگەی گۆڕینی یاسا خێڵەکی و نەنووسراو، بەڵام کارپێکراوەکان، لەڕێگەی بەدامەزراوەییکردنی کۆمەڵگە و نەهێشتنی کاریگەرییەکانی عەقڵی خێڵەکی ڕەگەزسالاری، لەڕێگەی باوکردنی کولتوری یەکسانی و پایەدارکردنی مافەکانی مرۆڤ بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی جێندەری.

جوان حەسەن:
لە کەرکوك پەناگەیەك بۆ ئافرەتان نیە کە لە خۆکوشتن وکوشتن بیانپارێزێت

> ئێمە لەعێراق حوکمی لە سێدارەمان هەیە هەندیجار توندوتیژی کراوە وحکومی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە وجێبەجێ نەکردنی سزاکە وایکردووە کە کەسانێکی زۆر لە تاوان سڵ نەکەنەوە بۆیە ڕۆژانە دەبینین تاوانەکان زیاترە وحاڵەتەکان زۆرتر بەرو هەڵکشان دەڕوات

لەگەڵ زیادبوونی توندوتیژی دژ بە خێزان، ولە نێو خێزانیش دژ بە ئافرەتان ئەنجام ئەدرێت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە داخەوە هەندێکجار ئافرەت دەبێتە قوربانی و بە هۆکاری جیاواز گیانلە دەستدەدات وحاڵەتەکانیش لە پەرەسەندنە لە عێراق وکوردستان وشاری کەرکوکیش بێبەش نیە لە زیادبوونی ئاماری توندوتیژی ولەگەڵ نەبوونی یاخود کەمبوونی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وئافرەتان و ڕێگە پێنەدانیان لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی کەرکوک ودەسەڵاتی عەسکرتاریتی شارەکە هەندێکجار حاڵەتەکان توندوتێژی دژ بە خێزان وئافرەت دەشارێتەوە .

جوان حەسەن ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک وسەرۆکی لیژنەی منالآن وئافرەتان لە ئەجومەنی کەرکوک هۆکاری زیادبوونی توندوتێژی خێزانی لەعێراق بەتایبەتی لەکەرکووک گەراندەوە بۆ بارودۆخی سیاسی وئەمنی وئابوری کە لە عێراق هەیە، زۆربوونی چەک لەماڵەکان ولاوازی هێزە ئەمنیەکان وبوونی کۆمەڵێک کەناڵی خراپ کە وایکردوە هەست و وسۆزی خەڵک بهەژێنێت، ئەمە بەدەر لەبوونی مۆبایلی بێ سانسۆر و ژمارەیەک زۆر دەرچووی زانکۆ وپەیمانگاکان وبێکاری وایکردوە تاوان زۆر بێ.

جوان حەسەن هۆکاری دیکەشی بۆ زیادبوونی تاوانی گەڕاندەوە بۆ دەرچونی تاوانباران لە زیندان بەبێ سزادان ئەمە وایکردووە توندوتیژەکان زیاتربێت . دواین خاڵی زیادبوونی توندوتیژی گەراندەوە بۆخراپی بارودۆخی ئابوری خەڵک کە کاردانەوی ئەوی لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ ماڵ ومنداڵە ئەمە وایکردووە کۆمەڵێک هۆکار بن. کەسانێک توشی توندوتیژی بن لە ناو خێزاندا ویەکێک لە وانەیشی زیاتر کاریگەری هەیە پیاوانە کە لە دەرەوە سەیر ئەکەی توشی کێشە وگرفت دەبێت و دێت لە ماڵەوە بەسەر ئەو کەسانی لە خۆیان لاوازترە بە تایبەت ژنەکەی ئەو بەستە دەروونی بەسەر ئەو بەتاڵ دەکات کە ئەمە دەبێت هۆکاری بۆ کوشتن، وهەندێ لەو کێشانەی کە روو ئەدات دواتر بەلایەنی عەشایەری چارەسەر کێشەکان دەکرێت کە شوێنەواری سەرەکی کێشەکە هەر دەمێنێت.

دەربارەی هۆکاری حاڵەتەکان بۆ کوشتن یاخود خۆکوشتن وبێدەنگی لایەنە ئەمنیەکان وشاردنەوەی زانیاریەکان وپێنەدانی بە راگەیاندن یاخود ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان، جوان حەسەن سەرۆکی لیژنەی مافی منداڵان وئافرەتان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک وتی:

ـ حاڵەتەکان کە دەگاتە کوشتن سەیر ئەکەی ئەو کەسە پەناگەیەکی نیە بۆ پەنای بۆ ببات لە کەرکوک کاتی تۆشی کێشە ئەبی لایەکی لێ نیە پەنای بۆ بەرێت، بۆ نمونە لە کەرکوک شەڵتەر جێگەیەکی ئارام نیە ئافرەت بۆی بروات وبتوانێ خۆی بەپارێزێت لەبەرئەوەی بەداخەوە لە عێراق تاکو ئێستاکە شەڵتەر نیە بۆ ئەو کەسانە کە توشی توندوتیژی خێزان دەبن. لە ساڵی٢٠١٢ تاکو ئێستا ئەو یاساییەی کە پێی دەوترێت پاراستنی خێزان لە توندوتیژی لە پەرلەمانی عێراق ماوەتەوە دەنگی لەسەر نەدراوە ونادرێت چونکە ئەوەش دەگەریتەوە بۆ عەقڵیەتێ کە حوکمرانی عێراق دەکات عەقڵیەتێکی خێڵەکی عەشایرییە.

بەشێک بابڵێین لەرووی دینەوە توندە و بەهەڵە مامەڵە لەگەڵ دین ئەکەن وایانکردووە رێگە نەدرێ ئەو یاساییە دەربچێت لە پەرلەمان، چونکە ئەو یاسایە برگەیەکی تێدایە رێگە دەدات لە شارەکان پەناگە دروست بکرێت، شەڵتەر بۆ هەرکەسێک لە خێزان توشی توندوتیژی بوو پەنای بۆ بەری و جێگای هەبێ وئارام بێ کە پەنای بۆ بەرێ لە کاتێک کەسێک تووشی کێشە دەبێ پەنا بۆ کوشتن نەبات راستەوخۆ دەچێت بۆ ئەوێ.

لەگەڵ ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک کارەکانی سڕکراوە، بەڵام جوان حەسەن وەک سەرۆکی لیژنەی مافی منالآن وئافرەتان سەرباری دۆخی ناهەمواری کەرکوک لە کارەکانی بەردەوامە وەک ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت:

ئێستا وەکو لیژنە کار ناکەین بەڵام وەک خۆم تاکو ئێستا هەر کەسێک پەیوەندیم پێوە بکات هەر کێشەیەک لەناو خێزان یاخود دامودەزگای هەبێ، لەرێگەی پەیوەندی شەخسی خۆم ئەتوانم کاری لەسەر بکەم تاکو ئێستاش ئافرەتان پەیوەندیم پێوە ئەکەن و باسی کێشە وگرفتەکانی خۆیان دەکەن، ئەوەی بەمن بکرێت چارەسەرکردنیان وپەنا بردنی ئەگەر بۆ پۆلیس بێت یاخود پەیوەندیکردن بێت بە دادوەرەکانی دادگای کەرکوک لەگەڵ ڕێزم کەسانیکی چاک وبەڕێزن یاخود بەرێگای عشایریەوە، یاخود ڕێکخراوەکانەوە، وهەندێکجار تەماشامان ئەکرد کێشەکان چارەسەر نابێت لەکەرکووک بۆیە پەیوەندیمان ئەکرد بە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بۆ ئەوەی تەدخل بکەن وهەندێکجار پەنامان بردوە بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی شەڵتەر، ئێمە تاکو ئێستا لە ئەنجومەنی پاریزگا بوین کە کێشەیەک گەورە هەبوایە لە کەرکووک نەمانتوانایە چارەسەری بکەین یاخود لە جێگای باش دابنێین بۆئەوە ئەو کەسە نەکوژرێ پەیوەندیمان بەڕێکخراوکانی هەرێم ئەکرد یاخود کەیسەکەمان رادەگواستەوە بۆ سنوری هەرێمی کوردستان لەوێ دەمانخستە شەڵتەرەکانی هەرێمەوە تاکو کێشە چارەسەر دەکرا ویەک لا دەبوایەوە .

سەبارەت بە ئاماری کوشتنی وتوندوتیژی دژبە مندالآن وئافرەتان لەماوەی ئەم ساڵدا بەراورد لەساڵانی رابردوو لە کەرکوک ودەورووبەری جوان حەسەن رایگەیاند:

بێگومان ئامارەکان بەرەو زیاتر ئەروات لەوانەیە ئەگەر سەیری ئامارەکان و ژمارەکان بکەیت کە بڵاو دەکرێتەوە خەڵکی بڵێن لەکەرکووک زۆرە لە باشووری عێراق، کەمە نەخێر بەم شێوازە نیە لە شارەکانی باشوور وە ناوەراستی عێراق زۆرە، بەڵام لە وەی دۆخی ئازادی تەسکترە وئامار نادەن بەڕێکخراوەکان وراگەیاندن وجار وایە هەر پۆلیس وحکومەت خۆی هەرەشە دەکات لە بڵاوکردنەوەی. من یەک لە نمونەکان لە پێش ١٦ ئۆکتۆبەر کاتی ئەنجومەنی پارێزگا کارا بوو ئێمە رێکخراوەکان هەموو کاتێک ئەهاتن ئاماریان وەرئەگرت لەهەردەزگای حکومەت بوایە، بەڵام لەدوای ١٦ئۆکتۆبەر لەکەرکوکیش ئەو ئازادیە تەسککرایەوە ئامارەکان زۆر قورسی ئەدرێت بەڕێکخراوەکان وراگەیاندن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە حاڵەتەکان زۆر لەوە زیاترە ئەوەی کەپێ ئەزانرێت چونکە حوکمەت نایەوێت وا پیشان بدات.

وەک یەکێک لە نمونەکان لە کۆنگرەیەک بووین لە هەولێر نوێنەرانی شارەکان عێراق هەموو تێدابوو ئاماری کەرکووک خۆێندرایەوە یەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەکانی خواروی عێراق وتی کەرکووک دۆخی زۆر خراپە وەک ئێمە نیە!وتم ئێوە لەئێمە خراپترن ئیوە ڕێگا نادەن راگەیاندن وڕێکخراوەکان کاری لەسەر بکەن وئامارەکان بزانن بۆیە ئێوە پەردە پۆشی ئەکەن.

بەڵام ئێمە پەردە پۆشی ناکەین بڵاوی دەکەینەوە لەراگەیاندن و ژمارە وحاڵەتەکان بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت نەک پەردە پۆش بکرێت، وژمارەکە رۆژانە بەرەو زیاتر دەروات لە کەرکوک لەحاڵەتەوە دەبێتە دیاردە بۆیە ئامارەکان بەرەو زیاتر ئەروات بەڵام لە واقیعە لە راگەیاند ژمارەکان راستی نیە .

سەبارەت بە رۆڵی دادگای کەرکووک لە کەیسی تاوانبارانی کوشتنی ئافرەتان وسزادانیان جوان

جوان حەسەن

حەسەن باس لەوە دەکات کە کیسەکان لەدادگای کەرکووک سزا دەدرێن، بەڵام خۆی کێشەکەی ئێمە لە حاڵەتی یەکەم لە پۆلیسدایە، چونکە ئایا ئەو ئەفسەرە لە لێکۆڵینەوە چی ئەنوسێت وچۆن کێشەکە ئەنوسێتەوە وبە چ شێوازێک دەچێتە بەردەم دادگا ئەمە خاڵێکە لەم کێشەیە کە ئێمە هەمانە . لەبەر ئەوەی لە عێراق و بەتایبەتی لەکەرکووک ئەفسەری لێکۆڵینەوەمان نیە بە تایبەت لە کەیسی خێزان وتوندوتیژی ئافرەتان ومنداڵان کە ئەمە بۆ خۆی کاریگەریەکی زۆری دروستکردووە، کاتێک کە لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانبارەکەیە یاخود لەگەڵ (ئافرەت)کە رووبەرووی توندوتیژی ئەبێتەوە هۆکارەکەی بۆ باس ئەکات لەو کاتەدا دەکەوێتە سەر عەقڵیەتی ئەو ئەفسەری ئەو بنکەی کە ئەنوسێتەوە، چونکە پەیوەندی کۆمەڵایەتی وتاکە کەسیش رۆڵ دەبێنێت لە کیسەکان ونووسینەوەی بنکەی پۆلیس بۆ بەردەم دادگا، بۆیە هەندێجار کێشەکان مافی خۆی وەرناگرێت بۆ نمونە کەیس هەبوو لەکەرکووک خۆکوشتن نەبووە بەڵکو کوشتن بوو، بەڵام لە دادگای کەرکوک کراوتە خۆکوشتن بۆ ئەوەی کەس تێدا سزا نەدرێت .ئەمەش گەراوەتەوە بۆ پەیوەندی شەخسی بەڵام هەندێجاریش کەیسەکە حکومی لەسەر ئەدرێت، بەڵام ئێمە لەعێراق حوکمی لە سێدارەمان هەیە هەندیجار توندوتیژی کراوە وحکومی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە وجێبەجێ نەکردنی سزاکە وایکردووە کە کەسانێکی زۆر لە تاوان سڵ نەکەنەوە بۆیە رۆژانە دەبینین تاوانەکان زیاترە وحاڵەتەکان زۆرتر بەرو هەڵکشان دەڕوات.

ئارین عەبدولخالق

ڕۆڵی ئافرەتانی میدیاکار لە پێشخستنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا

ناسک سەعید*

> بۆئەوەی ڕوماڵێکی دروست و باش ئەنجام بدرێت دەبێت ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان خۆیان گرنگی زیاتر بە دەزگا میدیایەکانی خۆیان بدەن و بنکۆڵکاری ڕووداو و پرسە جیاوازەکان بکەن بۆئەوەی لەبری ئەوان هیچ دەزگایەک ئەو کارە نەکات هەتا ڕووماڵیکی خراپ لەسەر پرس و ئەدای ئافرەتان بەئەنجام نەگەیەنن

تەمەنـــی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە بەراورد بـــە تەمەن و مێژووی ڕۆژنامەگەریی وڵاتانی دەوروبەری مێژوویەکی کورتی هەیە. کاتێک کە ساڵی ١٨٩٨ یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دەرچووە توانیویەتی لەو فەزایەی ســـەردەمی خۆیدا کاریگەری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانـــی کۆمەڵگەی کوردی بەجێبهێڵێت. ئـــەم مێژووە بە بەراورد بـــە مێژووی نەتەوەکانی دیکە جیاوازی زۆر دەبینرێت، بۆ نموونە تەماشـــا بکەیـــن کە یەکـــەم ڕۆژنامەی عەرەبـــی ١٧٩٩ بە ناوی ‹الحوادپ اليوميه› دەرچووە، یەکەم ڕۆژنامەی تورکییش لە ساڵی ١٨٣١ بـــە ناوی ‹تقويم الوقائع› دەرچووە، ســـاڵی ١٨٢٠ یەکەم ڕۆژنامەی فارســـی بە ناوی ‹مريت الاحـــوال› دەرچووە. هاوکات کە ڕۆژنامەگەریی کوردی کە لەدوای ئەوانەوە دەســـتی پێکردووە بـــەڵام لای ئەوانیش ڕۆڵی ئافرەتی نوســـەر و ڕۆژنامەنوس کەمتر دەبیندرێت ئەمەش بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە بەتایبەت لەم ناوچەیەدا کە لەهەندێک ڕەهەندەوە لێکچون هەیە لەنێوانیاندا. بەشـــێوەیەکی گشتی بەشداری نوسەر و هەبوونی قەڵەمی ئافرەت بۆ سەدەی ١٩ دەگەڕێتەوە، یەک لەوانە مەستورەی ئەردەڵانی کە لەنێوان ســـاڵانی ١٨٠٥ بۆ ١٨٤٨ ژیاوە بەیەکەم ژنە مێژوونووس دادەنرێـــت کە کتێبـــی مێـــژووی ئەردەڵانی نوســـیووە، لەبواری ڕۆژنامەگەریشـــدا نووســـەرەکانی ڕۆژنامەی ژیـــن و ژیان ئافرەت نەبوون بەڵکو نووســـەرەکانی پیاو بوون بەڵام وەک هاندانێک بۆ ئافرەتان پێرەمێرد و نوسەرەکانی دیکە بە ناوی ئافرەتان وژنانەوە دەیانووسی.

چیمەن محەمەد، نوسەر و خاوەنی ماستەر لە بواری ڕاگەیاندن، لە توێژینەوەیەکیدا سەبارەت بە مێژووی ڕۆژنامەوانی ژنان ئاماژە بە یەکەم نوســـەری ئافـــرەت دەکات لـــە ڕۆژنامەوانی کوردی لە عێراقدا و گەیشـــتوەتە ئـــەو دەرئەنجامەی کە یەکەم وتار لەلایەن ئافرەتەوە نوســـرابێت "گوزیـــدە عزيز خانم" (کـــە بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچان بوە لە ســـلێمانی ١٩٢٦)بوە وتارەکەشـــی لە ژمارە ١٣ ی ڕۆژنامەی ژیان لە ٢٢ی نیسانی ١٩٢٦ و لە لاپەڕە ١ دا نوسراوە و لەلاپەڕە ٢دا تەواوکراوە.

هەروەها ڕەوشـــەن بەدرخان کە لە ساڵانی ١٩٠٩-١٩٩٢ ژیاوە، دەتوانرێت بە یەکەم ڕۆژنامەنووســـی ئافرەتی کورد بناســـرێت لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا کە لە گۆڤاری هاوار، هاوکارێکی جـــەلادەت بەدرخان بووە. هەروەها ڕەحمە خان، کچی پیرەمێرد، دوای مردنـــی باوکـــی خـــاوەن ئیمتیـــازی «ڕۆژنامـــەی ژین»ی وەرگرتووە. ئەمانە وەک سەرەتا و یەکەم کەس بوون و دواتر دوای پەنجاکان و شەستەکان ئافرەتی کورد چووەتە قۆناغێکی باشتر و هەڵکشانی بەخۆیەوە بینیوە. لەم بارەیەوە ڕوئیا تلووعی دەڵێت: «ژنانی کورد تا دەیەی پێش ساڵانی شەستەکان لە کاری نووسین و ڕۆژنامەگەریدا لاواز بوون، دواتر لە شەست و حەفتاکاندا ڕوویان لە هەڵکشان کردووە»، کە وردە وردە بوونەتە خاوەنی بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان؛ «ژنانی ئازاد» کە بە کرمانجی ناوەڕاست و بە پیتی ئارامی لە سلێمانی دەرچووە، سەر بە لقی کوردیی ئافرەتانی شـــیوعیی عێراقی بووە. گۆڤاری «ژن» لە بەغدا لەلایەن ڕابیتەی ژنانی عێراقییـــەوە دەرچووە. گۆڤاری «دەنگی ئافرەت» لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی کوردستان . ئیتر بەردەوام دەرگا کراوەتەوە بۆ دەرچوونی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری تری ژنان.

ڕۆڵ و گرنگـــی ئافرەتانی میدیاکار یاخـــود هەبوونی ڕۆژنامەی تایبەت بە ئافرەتان توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو بە ڕۆژنامەگەری کـــوردی بکات و لەمەودای پێشـــکەوتنی ڕاگەیاندنی کوردیدا دیار بێت.

ئەم ڕۆژنامانەی لەلایەن ئافرەتانی میدیاکار یاخود ڕێکخراوەکانی ئافرەتـــان و ژنانـــەوە دەردەچن بـــەردەوام توانیویانـــە لەبوارە جیاوازەکاندا قســـەیان هەبێت بەجۆرێک گرنگیان داوە بە بابەتی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری و پەروەردە و فێرکردن لەلایەکی دیکەوە پرســـی نیشـــتمانی یەکێک بووە لە تەوەرە ســـەرەکییەکانی ناو بابەتەکانی ڕۆژنامەکانیان.

بۆئـــەوەی ڕوماڵێکی دروســـت و باش ئەنجـــام بدرێت دەبێت ڕێکخراوەکانـــی ئافرەتـــان و ژنان خۆیان گرنگـــی زیاتر بە دەزگا میدیایەکانی خۆیان بدەن و بنکۆڵکاری ڕووداو و پرسە جیاوازەکان بکـــەن بۆئەوەی لەبری ئـــەوان هیچ دەزگایەک ئـــەو کارە نەکات هەتا ڕووماڵیکی خراپ لەســـەر پرس و ئەدای ئافرەتان بەئەنجام نەگەیەنن. لەهەمان کاتدا بەشداری کارای ڕاگەیاندنەکانیان دەبێتە فاکتـــەری زیادبوونی ڕۆژنامەنوســـی مێینە لە نـــاو ڕاگەیاندندا و ئەو بۆشـــاییە گەورەی لە یەکسانی جێندەری هەیە دەتوانرێت پڕ بکرێتەوە و ئافرەتانیش ببنە ئەستێرەی میدیای کوردی.

بوونـــی ڕۆژنامە وبڵاوکـــراوەی تایبەت بە ئافرەتـــان زۆرگرنگە بەدڵنیاییەوە ئەو بڵاوکراوانەش بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕینەوە ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لەئیبرازکردنی پرســـی ئافرەت وقسەکردن لەسەر بابەتە جێندەرییە هەســـتیارەکان ئەمەش لەبوێری وئازایەتیی ئەو ئافرەتانەوە دێت کە چاو نەترســـانە کاریان لەســـەر ئەو پرسانە کـــرد و لە بڵاوکراوەکاندا بلاویان کـــردەوە. بێگومان بڵاکراوەکانی ئافرەتانیش لەو قۆناغەدا لەئاســـتێکی زۆر پێشـــکەوتوو نەبوون بەهەمان شـــێوەی بڵاوکراوەکانی دیکە بـــوون بەڵام لەم قۆناغەدا دەبێـــت هەروەک چۆن میدیا ســـەرەکییەکان ســـتراتیژی خۆیان گـــۆڕی دەبێت ئەوانیش هەوڵ بدەن پلان و ڕوئیای نوێ بخەنە ناو کاری میدیای خۆیانەوە هەتا لەگەڵ پێشـــکەوتنی ڕەوتی کۆمەڵگە ئەوانیش پێش بکەون.

د.نەزەند بەگیخانـــی لەئەنجامـــی توێژینەوەیەکیان کە لەگەڵ ســـەنتەری جێندەر وتوندوتیژیی زانکۆی ســـلێمانی ئەنجامیانداوە ئامـــاژە بـــۆ ئـــەوە دەکات کە میدیـــا نەیتوانیوە بەشـــێوەیەکی بەرپرسانە مامەڵە لەگەل پرسە جێندەرییەکان وبابەتە هەستیارە کۆمەڵایەتییـــەکان بکات. کەواتـــە نەیتوانیوە ببێتـــە هاوکارێکی بێلایـــەن وبەهێزی بزووتنـــەوەی ئافرەتان و ژنان لە شـــکاندنی تابوەکان ودروســـتکردنی بیـــروڕای پۆزەتیڤ دەربارەی پرســـی ئافرەتـــان لەناو ڕای گشـــتیدا. ئەوە جگە لـــەوەی کە میدیایەکی جەماوەریمـــان هەیە کە بۆ بەدەســـتهێنانی جەماوەر وکلیکی زۆر ولایک و شێیرکردن، زیاتر فۆکەسی خستۆتە سەر جەستەی ئافرەت وەکو کاڵا، هەروەها لە جیاتی گرنگیدان بە کار وچالاکی وداهێنانی ئافرەتی کورد بەشێوەیەکی مەوزوعی، میدیا زیاتر گرنگی داوە بە بارزکردنی لایەنە نێگەتیڤەکانی ئافرەتان و بارزکردنی "لاوازی" و "بێدەســـەڵاتی" و دابەشبوونییان، ئەمەش واتە بەرهەمهێنانەوەی بەهـــا تەقلیدییەکان، بەرهەمهێنانەوەی بیروباوەڕی باو ونەشـــیاو دەربارەی ژن لەناو ڕای گشتیدا.

میدیا دەبوایە هەرلەســـەرەتاوە ببێتـــە لایەنگیریی بزووتنەوەی ئافرەتان چونکە ئەوان پێویســـتییان بە پشتگیریی میدیا هەبووە؛ ئەو بزووتنەوەیە مێژوویەکی دوورودرێژی نییە ولە ڕووی سیاســـی وکۆمەڵایەتییـــەوە خاوەنی پشـــتگیری و بنەمایەکـــی بەهێز نییە و تەحـــەدای بەهـــا ونۆرمە کولتوریـــەکان دەکات ئەو بەهایانەی بایەخییـــان هەیە لەناو ڕای گشـــتی، واتە تەحـــەددای دیفاکتۆی کۆمەڵایەتی دەکات (بۆ نموونە وەک چەمکی شەرەف وئازادیی ژن و پرسی یەکســـانیی جێندەری) ئەوە لە دۆخێکی هەستیاردایە و جەماوەری نییە ولەناو خەڵک دژایەتیش دەکرێت. بۆیە پێویستی بـــە هاوکاریی میدیا هەیە بۆئەوەی لەناو ڕای گشـــتی جێی خۆی بکاتـــەوە وکەمتر بەرەوڕووی تانـــە و تۆمەتباری ببێتەوە وبتوانێ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەرپا بکات.

*ماستەر لە میدیا و کلتور

خۆشبەختی و ئاسودەیی خێزان چۆن بەدەست دێت؟

شۆخان بەکر

خۆشـــبەختی هەر خێزانێک نابێت لەســـەر کەســـایەتی و هەڵســـوکەوتی کەســـانی دیکە بێت، چونکە بەهۆکاری ســـەرەکی ناکۆکییەکان دادەنرێت، بۆیە چەند بنەماییەک هەیە کاریگەری لەســـەر ژیانی خۆشـــبەختی خێزانەکان هەیـــە. ئەمانەی خوارەوە ئـــەو نهێنیانەن کەدەبنە هۆی خۆشبەختی هەموو تاکەکانی خێزانەکان:

*یەکێک لەو بابەتانەی دەبێتە هۆی خۆشبەختی خێزان، ئەوەیە هەر تاکێک دەبێت هەســـت بەبەرپرسیاریەتییەکان بکات، هەروەها هەفتانە بەلایەنـــی کەم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی کۆببێتەوە.

*ئەندامانـــی خێـــزان بەتەنها بەخوێـــن تێکەڵاو نین، بەڵکـــو دەبێت خۆشەویســـتی کۆیان بکاتـــەوە و گرنگی بەکێشـــەکانی یەکـــدی بـــدەن و یارمەتی یەکـــدی بدەن لەهەموو بارودۆخێکدا.

*گرنگی بەبۆنەکانـــی یەکدی بدەن، بۆ نموونە گرنگی بەجەژنی لەدایکبوون یان یادی هاوسەرگیری بەڕێکخستنی بۆنەی تایبەتی یەکێکە لەبنەما گرنگەکان.

*گوزارشـــت کردن لەهەستەکان و دەرخستنی هەندێک وشـــەی خۆشەویســـتی بەڕاســـتەوخۆیی وادەکات هەموو دڵتەنگی و ناکۆکییەکان کۆتایی پێ بێت.

*هەموو کەســـێک ڕەنگە تووشـــی هەڵـــە بێت و زیان بەکەسانی دیکە دەگەیەنێت، بەڵام لێبوردەیی بەباشترین لایەن دادەنرێت بۆ ئەوەی کۆتایی بەناخۆشییەکان بهێنن و دووبارە هەڵەکان ڕوونەدەنەوە.

مرۆڤ هەمیشـــە تەقەلای بەدەســـتهێنانی شـــادیەتی، هەوڵی هەموو کەسێ تەنها بۆ خۆشبەختی و سەلامەتیە. فەیلەســـوفەکان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا گەڕاون: (بنچینەی ژیان شادیە و خەمی تێدەکەوێ؟ یاخود ژیان هیچ نیە جگە لە خۆســـەرقاڵکردنێکی بێ هوودە بەشوێن شـــادیەکی کاتی لەنێـــو واقیع و ســـەرئەنجامێکی تاڵ و تراژیدی؟) بەڵام لە ڕاســـتیدا ڕوانین لە دیدی ڕەشـــبینی و پڕهیوایـــی پەیوەندی هەیە بە پێناســـەی ژیان لای هەر تاکێک و هەر کەســـەش بەپێی بایۆلۆجیا و ئەو ڕوداوانەی پیایداتێپەڕیوە پێناسەیەکی جیاوازی بۆ ژیان هەیە.

بـــەڵام ئایا ئەوە ڕاســـتە کـــە خۆمان لە پێشـــبینیە خراپـــەکان بدزینەوە و ئەو ڕاســـتیە فەرامۆش بکەین کە لەهەر لەحزەیەکدا ئەگەری مەرگ و کۆتایی ژیانمان نزیکە؟

کەواتـــە چۆن مرۆڤ لە تواناییدایـــە مەرگ و تراژیدیا و کۆتاییـــەکان لەبیربـــکات؟ چۆن دەتوانێ لـــە نێو جەنگ و هەزاران کـــردەوەی خراپ و جیهانێکی مەترســـیداردا، پێبکەنـــێ؟ لەبیربکات ؟ هاوســـەرگیری بـــکات و وەچە بخاتەوە؟ خانو دروست بکات و پلانی درێژخایەن دابنێ؟ چۆن دەتوانێ شتێک دروست بکات و ناوی لێبنێ (ژیانی شایستە) ؟

ئـــەوەی کـــە ڕوونـــە دوو ڕێـــگای لەبەردەســـتایە و دەبـــێ یەکێکیـــان هەڵبژێرێ، یان چێژ یان ئاســـوودەیی چێژوەرگرتن لە ژیـــان یارمەتیدەرە بۆ لەبیرکردنی هەموو ئەگـــەرە مەترســـیدارەکان بـــەڵام ڕێگایان لـــێ ناگرێت، هەروەک دەکرێ چێژ لە شتێکی باش یان خراپ وەربگرین هەرچی ڕێگای دووەمە کە کارکردنە بۆ بەدەســـتهێنانی ئاســـوودەیی مەرجەکانی کەمێک قورسترە و پێویستی بە ڕەچاوکردنی پرانســـیپ و ئاکارە مرۆییـــە بەرزەکانە واتە بۆ بەدەســـتهێنانی ئاســـوودەیی مەرجە سوود لە هەموو شتێکی باش وەربگرین.

بەدەســـتهێنانی ئاســـوودەیی بۆ تۆ، پەیوەندی بەوە هەیە تا چەندە بۆ دەووروبەرەکەت بەسوودیت، تا چەندە باری ژیان ئاسان دەکەیت و تاچەندە داهێنان دەکەیت لە بەخشـــین نەک لە وەرگرتن، ئەمەش بە زانست دەکرێت، ئەوکات داهێنانەکانت لە خەمی پێویســـتیەکانی خەڵکەوە ســـەرچاوە دەگرێـــت و زانســـتیش بەهای ڕاســـتەقینەی وەردەگرێ، ئەمەش بنەمای ئاسوودەییە.

له هێلینەوە

- ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ مانگ "جۆ بایدن" سەرۆکی ویلایەتە یەککرتووەکانی ئەمەریکا بە بۆنەی تێپەڕبوونی ١٠٠ ڕۆژ لە سەرۆکایەتی گوتارێکی پێشکەش کرد،بەڵام ئەوەی کاردانەوەی زۆری لە میدیاکاندا بە دوای خۆیدا هێنا، دەرکەوتنی دوو ئافرەتی بەهێز" کامالا هاریس" جێگری سەرۆکی ئەمەریکا و "نانسی بیلوسی" سەرۆکی پەرلەمان بوو کە لە کاتی پێشکەشکردنی گوتارەکەی "جۆ بایدن" لە گەڵیدا بوون کە لە مێژووی ئەمەریکادا وێنەی نەبووە

-"ئەنجوومەنی پەرلەمانی راوێژی ئەورووپا " کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە و داکۆکی لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی دەکات، خەڵاتی " واتسلاوهاولی"ساڵانەی بەخشی بە "لجين الهزلول" کە ئافرەتێکی چالاکوانی مافی مرۆڤە و خەڵکی سعودیە و تازە لە زیندان ئازاد کراوە، ئەو خەڵاتە نرخەکەی ٦٠هەزار یۆرۆیە و ساڵانە بە هاوکاری و هاوبەشی نوسینگەی"واتسلاوهاولی" و دامەزراوەی" شارت ٧٧" لە پراگ دەبەخشرێتە ئەو چالاکوانانەی لە بواری مافی مرۆڤ ئیش دەکەن .

- به پێی ئامارەکانی ڕێکخراوی یۆنیسێف کچان لە تەواوی جیهاندا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، ٣٤ ملیۆن کچ لە خوێندنی سەرەتایی بێبەشن، ٢٠٠ ملیۆن کچ خەتەنە کراون، و ساڵانە ٣ ملیۆن کچ لە مەترسی خەتەنەکردن دان، هەروەها ساڵانە ١٢ ملیۆن کچی بچوک واتا ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ لە ناوچە جیاوازەکانی دونیادا ناچار دەکرێن هاوسەرگیری بکەن و لە ئێستادا لە هەر ٥ ئافرەت، یەکێکیان لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی هاوسەرگیری کردووە و زۆربەی ئەو ئافرەتانەی لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە ئەو کچانەن کە بە تەمەنی بچوک هاوسەرگیری دەکەن.

- ئەنجوومەنی پزیشکانی منداڵان لە ئەمەریکا هوشداری دەدات بەو دایکانەی کە شیری خۆیان بە مندالەکانیان دەدەن بەوەی کە خۆیان بە دوور بگرن لە جوانکاری لە ڕێگەی بۆتۆکسەوە،چونکە کاریگەری نەرێنی هەیە بۆ سەر شیرەکە و دواتریش بۆ مندال دەگوازرێتەوە، هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە پێویستە ئەو دایکانە بەر لە هەر جوانکارییەک راوێژ لەگەڵ پزیشک بکەن یان تا ئەو کاتەی شیر بە منداڵەکانیان دەدەن جوانکاری ئەنجام نەدەن.

"د. بانی نگ" سەرپرشتیاری لێکۆڵینەوەکان لە بارەی لە بارچوونی منداڵ رای وایە کە کێشی زۆر کەم یان قەڵەوی ئافرەت لە کاتی دووگیانیدا مەترسی لە بارچوونی منداڵ زیاد دەکات، بۆیە ئافرەتان پێویستە بەر لە دووگیانی چاودێری کێشی خۆیان بکەن و بە راوێژ لەگەڵ پزیشکی تایبەت هاوسەنگی لەکێشیاندا دروست بکەن.

ئا:نەسرین حەسەن

ڕۆڵی کتێبخانەی ماڵەوە بۆ ڕۆشنبیری منداڵان

سۆزان محمد

خوێندنەوە زۆر گرنگ و پێویستە و بووە بە یەکێک لە پێویستییەکانی مرۆڤ، وەک چۆن جەستەمان پێویستی بە خۆراکی هەمەجۆر هەیە بۆ ئەوەی گەشەبکات، خوێندنەوەش بەهەمان شێوە خۆراکی مێشکی مرۆڤە.

خوێندنەوە یەکێکە لە کۆڵەکە گرنگەکانی ڕۆشنبیری منداڵان، شارەزایانی پەروەردە هاوڕان لەسەر گرنگی چاندنی حەز و خۆشەویستی خوێندنەوە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی منداڵدا، باشتر وایە هەر لە منداڵییەوە منداڵان هۆگر و ئاشنای کتێب و گۆڤارەکانی منداڵانیان بکەین و، ببنە هاوڕێی هەمیشەی کتێب و خوێندنەوە ببێت بە خوویەکی بەسوود بۆیان و خۆی پێوەبگرن و، ببێتە بەشێکی سەرەکی لە ژیانیان.

گرنگی کتێبخانەی ماڵەوە لە ڕۆشنبیریکردنی منداڵدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە گەشەکردنی ئاستی ژیری و زانست و پەروەردەی مناڵ. خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارەکانی منداڵانە، منداڵ لە ڕێی خوێندنەوەوە فێردەبێت و بە زانست و زانیاری هەمەچەشنە ئاشنادەبێت و زاخاوی بیر و هۆش و بەهرەکانی دەدات، بیر لە داهێنان دەکاتەوە ئاسۆی ڕۆشنبیری گشتیشی فراوانتر و بەرزتردەبێتەوە جیاوازیشی دەبێت لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە ناخوێننەوە. بایەخی خوێندنەوە لە دەرەوەی قوتابخانەدا، لە بایەخی بەرنامەکانی خوێندن لە ناو قوتابخانەدا کەمترنییە بۆیە کتێخانەی ماڵەوە بە پێویستێکی پەروەردەیی دەزانرێت چونکەدرێژەدەر و تەواوکەری بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندنە.

شارەزایانی پەروەردە و دەروونناسی، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پێگەیشتنی منداڵ لە خێزانێکدا، کە دایک و باوکیان خوویان بە خوێندنەوەوە گرتووە، کتێبخانەش بەشێکی گرنگە لە ماڵەکەیاندا، منداڵەکانیشیان چاویان لێدەکەن و هۆگری خوێندنەوە دەبن، چونکە دایکان و باوکانی خوێنەری پێشەنگ کارتێکردنێکی تەواوی ئەرینیان هەیە بۆ ئەوەی کە منداڵەکانیشیان چاویان لێبکەن، دەشێ منداڵ سوود لە کتێبخانەکەی باوک و دایکی وەرنەگرێت، بەڵام تەنها بوونی لە ماڵەوەدا، خۆشەویستی زانست و داهێنانی لا بەهێز دەکات، پێویستە ئەمیش کتێبخانەی تایبەتی خۆی هەبێت گەر لە ماڵەوە کتێخانەی تایبەتی منداڵیش نەبێت، پێویستە دایک و باوک ئەو کتێبانەی هەڵیاندەبژێرن و دەیانکڕن هەمەچەشنە بن تا بۆ هەموو کەسانی خێزان لەباربن.

لە هەر شارێک و گەڕەک و گوندێکی وڵاتی (نەرویج) دا، کتێبخانەیەکی گشتی گەورە هەیە لە هەر قوتابخانەیەکدا هۆڵێکی گەورەکراوە بە کتێبخانە بۆ قوتابیان و مامۆستایان، لە بەردەم هەر پۆلێکدا کتێبخانەیەک هەیە، لە ناو هەر پۆلێکیشدا دۆلابێکیپڕ لە کتێبی تایبەت بە ئاستی خوێندنی ئەو پۆلەوە هەیە لە هەر ماڵێکیشدا کتێبخانەیەک هەیە، لە ژووری هەر منداڵیکیشدا کتێبخانەیەکی بچوک هەیە، لەهەر شەقام و سەنتەرێکدا کتێبخانەی فرۆشتنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان هەن تەنانەت لەومارکێتانەی کە خواردەمەنی و خواردنەوە و میوەهاتیش دەفرۆشن، لە بەشێکیاندا کتێبان بۆ فرۆشتن داناون بە تایبەتیش کتێبیی منداڵان لە ڕاستیدا زۆر دەوڵەتی تری ئەورووپی هەن، کە لەم بوارەدا لە پێش نەرویجەوەن.

ئەو ماڵەی کتێبخانەی تێدا نەبێت بە ماڵێکی ناتەواوی دەزانرێت هەروەک (شیشرۆن) دەڵێت:" ماڵێک بەبێ کتێب، گیانێکی بێ ڕووحە" پێویستە ئەوەش بڵێین، نابێت کتێبخانەی ماڵەوە تەنیا وەکو دیکۆرێک بۆ جوانی و بۆ ڕازانەوەی ماڵ دابنرێت و، کتێببەکان خوێنەریان نەبێت، پێویستە وا لە منداڵان بکەین کە ببن هاوڕێی هەمیشەی کتێب و، خوێندنەوەش ببێت بە بەشێک لە ژیانیان. هاوکاریان بین لە هە ڵبژاردنی کتێب و گۆڤاری بەسوود و لەبار بۆ کتێبخانەکانیان.

دەکرێت لە چەند خاڵێکدا ئامانجی کتێبخانەی منداڵان لە ماڵەوە ئاماژە پێ بکەین:

- کتێبخانەی ماڵەوە، یارمەتی منداڵ دەدات کە بە زانست و زانیاری هەمەچەشنەی بەسوود خۆی بە زانستی و زانیاری ڕۆشنبیر بکات.
- منداڵ هەر لە منداڵییەوە لەسەر خوێندنەوە ڕادێت و خووی پێوە دەگرێت و، کتێب دەبێت بە هاوڕێی و خوێندنەوەش دەبێت بە بەشێک گرنگ لە ژیانیدا.
- ڕەوشت و خووی جوان فێردەبێت و، بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروستدا دەڕوات، بەهای جوان و پەندی بەرز وەرردەگرێت.
- بازنەی شارەزایی فراونتر دەکات، دەرگاکانی ڕۆشنبیری لە بەردەمیدا دەکرێنەوە.
- خوێندنەوە چێژ و خۆشی و دڵخۆشی پێدەبەخشێت.
- زمانی پاراوتر دەبێت و، سامانی وشە و ڕستەکانی زیاتر دەبن.
- ئاستی تێگەیشتنی بەرزتر دەبێتەوە، بە شێوەیەکی دروستیش بیردەکاتەوە.
- کەسایەتییەکی بڕوابەخۆ و دڵنیا دەبێت، دەتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت و ڕووبەڕووی کێشەکانی ببێتەوە و، چارەسەریان بۆ دابنێت.
- گەشە بە بەهرە و تواناکانی دەدات.
- کتێبخانەی ماڵەوە هاندەرە بۆ بەهێزکرددنی پەیوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆ لە نێوان ئەندامانی خێزاندا.
- منداڵ بە هۆی خوێندنەوەی ئەو کتتێبانەی کە لە بەردەستیدان وەڵامی بەشێک لەو پرسیارانەی کە لە هزر و خەیاڵیدان دەستیدەکەوێت.

بەسەرپەرشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
....
www.helinmedia.org
ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org
شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org